شەڕی ئوحد

بسم الله الرحمن الرحيم

وەی لە موشرکین کرد بێن شەڕ بکەن، فیعلەن دەرچوون لە غەزوەی بەدر لە بیرتانە ئەبوسوفیان بە زیرەکی خۆی قافلەکەی دەرباز کرد، کە قافلەکە لەوێ فرۆشرا تیجارەتەکە رەبحەکی زۆری هینا یەکسەر گۆتی: بابە نەزر بی یەك درهەمی لەبۆ خۆم خەرج نەکەم هەرچی لە ئەرباح و لە سەرمایەی ئەو قافلەیەی تەحصیلم کردیە هەمووی صەرف کەم لەبۆ تەشکیلی شەڕەکیدی، لۆیە مەحاوەلەی کرد هەتتا مورتەزیقە جاش بکڕی جاشەکی زۆریان کڕی لە قەبائیلی دی، 2900 دوو هەزار و نۆسەد نەفەری تەشکیل کرد، بە واسطەی ئەو پارەیەی لە شیر لە زرێ لە ڕمح لە تیر کەوان، لە عەین وەقتیش ئیعدادەکە ئیعدادی ئیجتیماعی، خێزانی ئائەو موشریکانە کە دەکا کچی یان خوشکی ئائەوانەی کە مردینە ئەوانیش بەگەر بێخن، لۆئەوەی عاطفییەن تەئسیر لەسەر جنودی خۆیان بکەن، هەتتا ئیتیفاقیاتی غەریب غەریب هەبوو بەینی قورەیش بەینی ئەبوسفیان لەگەل ئائەو مورتەزیقە جاشانەی کە هاتینە لەبۆ قورەیش شەڕ بکەن.

مەثەلەن هەبووە ئەحابیش شەڕکەر بووینە بەس، مەثەلەن ئەمن ئەوەندە شەڕەت لۆ دەکەم موقابیلی وەی، یان عەبد هەبووە شەڕکەر بووە خۆی لەناو شەڕ لە عاداتی عەرەب قەدیمەن ئەو عادەتە نەبووە عەبد بیننە ناو شەڕ یان شەڕ بە عەبد بکەن ئیللا لە حالاتی موحریج، لێرە مەثەلەن عەبدەك زۆر زیرەکە لە تیر هاوێشتن یان شیر وەشاندن یان رمح گرتن، عەقدیان کردیە لەگەر ئەو عەبدەی ئەگەر هاتوو ئەتوو شەڕت کرد، چونکی خۆی عەبدەکە عەبدی ئائەو سەیدەی خۆیتی یەعنی ئەگەر سەیدەکەی چی پێبرێ دەبی بیکا، ئەمما لۆ ئەوەی عەبدەکە بە قەناعەتی خۆی بە هەموو ئیرادەی خۆی بێتە ناو شەڕ عەقدیان لەگەر کردیە، بابە وەحشی ئەگەر ئەتوو هاتی فلان نەفەرت بالتشخیص کوشت ئائەتو بەرەڵای، ژنیشت دەدەینێ، ئائەوەندە پارەشت دەدەینێ، بەرەڵات دەکەین، لە عبودییەت بەدەرت دێخین.

بە هەموو وەسیلەك قوڕەیش مەحاوەلەی کردیە طاقات و ئیمکانییاتی ئینسانی وە غەیری ئینسانیش تەجمیع کا، ئەوە دەرچوو لە دەرسی پێشتر دیسان بەبیرتان دەینمەوە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم موئەسسەکی ئەمنی هەبوو لەناو مەدینە، وە فروعی لە خارجی مەدینە بوو بە شخوص لەناو قەبائیل هەرچی ئەخبار هەبوو لەبۆ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە تەقاریر نەقل دەکرا، نەفەرەك لەو نەفەرانە کە مەربوطە بەو موئەسسەیەی ناوی عەباسە مامی پێغەمبەرە صلى الله عليه وسلم،

یەکسەر ئەو ئیستیعداد و ئەو مەوزوعە دەبینی قورەیش پاشی ئیجتیماعات و پاشی لیقائات و بەرلەمان هەمووی ئینعیقاد دەکرێ ئەو قەرارە دەدرێ هەمووی تەهیئە دەکرێ، قەرار دەدرێ لەبۆ شەڕ لە فلان ڕۆژ، یەکسەر عەباس تەقریرەك دەنووسی و موباشیر دەداتە کابرایەکی عەرەب دەرێ بە سەریعی بگە مەدینە، بەینی مەککە و مەدینە پێنج رۆژە، کابرا بە سێ شەو و دوو رۆژ دەگاتە مەدینە، تەقریرەکە تەقدیمی رسول الله دەکا صلی الله علیە وسلم.

ئەویش پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم کە دەخینی ریسالەکە دەرێ ئەوە لەناو ریسالەکەی عەباس نووسیتی ئەوە ئەبوسوفیان بە 2900 دوو هەزار و نۆسەد جوندی سێ سەدیان زرێ پۆشن، یەعنی مودەرەعن وەکی مودەرەعەینە رمح و تیر و ئەوانە تەئسیریان لێناکا شیر تەئسیریان لێناکا بەس سەر و لاق و دەستی نەبی ئیدی سینگ و ئەوانەی هەموو مودەرەعە، ئیتکەش بە تەقریبەن 3000 سێ هەزار ئیڤەیان پێیە ئەوانیش هەموو حوشترەکان بووینە، ما عەدای عەدەدەکی زۆر لە سەیارەی سەریع ئەویش ئەسپەکان 200 دوو سەد، هەموو ئەوانە بەڕێ کەتینە پاش ئەوەندە ڕۆژەی دەگەنە نزیك مەدینەی، یەکسەر پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم مەکتوبەکە غەلق دەکا، رۆژی جومعەیە موستەشارینی خۆی جەمع دەکا، ئیجتیماعەکی موصەغەر بە خەواصی صەحابە دەکرێ، دەرێ مەوضوعەکە مادام حەربە دەبی ئیعلان بکرێ شورای عام ببەسترێ، لەبۆ ئوموری عیظام دەبی شەعب قاعیدە خۆی موشاریك بی لەبۆ ئیتیخاذی قەرار، لۆوەی خۆی مەسئولیەتی خۆی هەربگری بەرامبەر موهیممە نەتائیجی مەوضوع وە بەرامبەر باری تەعالاش رۆژی قیامەت.

ڕۆژی جومعە بووە کە ئیعلان دەکرێ فیعلەن ئەهلی مەدینە پیاو هەمووی جەمع دەکرێ، هەتتا منداڵیش ئەوەی کە گەنجن هەمووی حازر دەبن، پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم دەفەرمی: ئەوە مەوزوعەکی ئەوها هەیە ئەمنیش خۆم دونێ شەوێ خەونم دیتییە کە شەڕەك دەکرێ، خەونەکەشی دەگێرتەوە صلی الله علیە وسلم دەفەرموی: (إني قد رأيت والله خيرا)، ئەها پێشترێ دەمانگۆ هەموو ذاتی ئەو (محمد) ەی صلی الله علیە وسلم هەموو ذەراتی هەموو وجودی رەحمەتە، هەموو کیانی ئەو (محمد) ەی صلی الله علیە وسلم رەحمەتە، هەموو شتەکی بە خەیر بیدایەت و نیهایەت و وەسەطی هینایە وە دینەکەشی رەحمەتە، لۆیە هەتتا کە خەونی دیتییە خەونەکەشی مەلامیحی سلبیاتی تێدایە و قیچەك غەم و ئەسەری تێدایە لەگەر ئەوەش تەئویل دەکا بە خەیر، چ دەفەرمی لە بیدایەتی قسەکردنی ئەوە لەبۆ جەماهیر لەبۆ شەعب: (إنى قد رأيت والله خيرا)، باشە چی دیتیە؟ (رأيت بقرا لي تذبح)، چێرەك سەری دەبڕدرێ ئی پێغەمبەریشە صلی الله علیە وسلم، (ورأيت في ذباب سيفي) لە تیغی تیژایی شیری بریندارییەك دیت، (رأيت في ذباب سيفي ثلما) کۆرییەك برینداریيەك، (ورأيت

أني دخلت يدي_في درع حصينة) دەستیشم لەناو قەڵغانەکی بە توند نا، صەحابی هەموو گێ دەدەنێ قاعیدی ئەعلا مەوقیفی خۆی بەحس دەکا جارێ، پیشانیشیان دەدا ئەوە تەقریرە هاتیە ئەوەش روئییەی منە طەبعەن صەحابییەکان دەزانن روئییەی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم وەحییە، ئەها لەبیرتانە بەحسی بەعزە ئەو برایانە ئەگەر مەوجود بوبن قەدیم بەحسی ئەوەمان کرد روئییەی ئەغلەب پێغەمبەر وەحی بووە، زۆر پێغەمبەر هەبووە بە واسطەی خەون وەحی لۆ هاتییە یەك لەوانە حەزرەتی ئیبراهیم لە قورئان ملاحەزەی قورئان بکەن.

ئیذەن صەحابی دەزانن ئائەو روئیەیە وەحییە، ئەمما تێینەگەیشتن دەبی خۆی تەفسیری بکا و تەئویلی بکا، چی فەرموو تەئویلی: (أما البقر فهي أناس من أصحاب يقتلون)، شەڕەك دەبی حەتمەن دەبی تەضحیاتی تێدا بی شوهەدائی تێدا بی، (وأما الثلم الذي رأيت في ذباب سيفي فهو رجل من أهل بيتي يقتل)، ئائەو برینداریەم دیت لە تیژایی شیرم ئەویش نەفەرەکی عائیلەی خۆمە ئەو شەهید دەبی، (وأما الدرع فهي المدينة)، شاری مەدینە دەولەتی ئیسلام، (فإن رأيتم أن تقيموا بالمدينة)، ئەگەر دیتتان ئەوها پێتان باش بوو هەر لە مەدینەی بمینێن (وتدعوهم حيث نزلوا) وازیشیان لێبینن هەر لەکێندەرێ ئەوان تەعەسکور دەکەن دادەنیشن دەمینێن خۆیان و جەیشیان، (فإن أقاموا أقاموا بالشر مقام) هەر لەوێ وازیان لێبینن ئەگەر فیعلەن لەوێ مان باری تەعالا موحتەمەلە کەفالەتیان بکا، (وإن هم دخلوا علينا) ئەگەر هاتن هاتنە ناو مەدینەش_(قاتلناهم فيها) لەناو مەدینەی شەڕیا لەگەل دەکەین ئەوە رأیی قائیدی ئەعلایە، وە ڕەئیسی دەولەتە وە حەلەقەی وەصلە بەینی ئەو ئینسانە لەگە باری تەعالا، یەعنی تەمثیلی ویستی خوای دەکا تەمثیلی (أرادة الله) دەکا لەو مەوضوعەی لەبۆ ئەو جەمعەی ئەوە رەئیەکەی خۆی طەرح کرد، ئەمما لەگەر ئەو هەموو مەقامانەش فەرمووی ئەنگۆش رەئی خۆتان بدەن.

ئەوان صەحابە مەجموعەك بوون، تێیاندا هەبوو لە مەککە هیجرەتی کردبوو لەبۆ مەدینە، تێیاندا هەبوو لە دەوروبەری مەدینە، تێیاندا هەبوو هەر لەناو خەلکی مەدینە، تێیاندا هەبوو تازە موسڵمان ببوو غەزوەی بەدری نەدیتبوو، عیلمەن چەند ئایات لەبۆ غەزوەی بەدر و ئەوانەی کە موشارەکەیان کردبوو لە غەزوەی بەدر باری تەعالا وەصفیان دەکا زۆر پێیان موهیم بوو، ئائەو مەجموعەیە کە تازە برێین موسڵمان بووینە شەریحەك بوون عەدەدیان کأنە زیاتر بوو، لە ئەسنای موناقەشەکردنی ئەو مەوضوعەی لەگەر پێغەمبەر و بەینی خۆیان ئەوان رەئیان ئەوها بوو بچنە دەرێی شاری، عیلمەن صەحابە قەدیمەکان گوتیان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چی فەرموو ئەوها بکەین، ئەو رەئیە ئەو ئەصوەبترە ئەگەر رەئی شەخصی خۆشیبی، چونکی قەضیەکە دینە دونیا نییە شەڕیش لەبۆ

خوایە، صەحابەکان ئەکثەریەکان رەئیان ئەوە بوو بچنە دەرێ، کێهان مەجموعە؟ گەنجەکان، چ نەوعە گەنجەکان؟ کە تازە هاتینە ناو دین، تەجاروبەیان نییە، عیلمیان کەمە، ئائەو دوو فیئەیە تەصویت کرا ئەوان ئەکثەریە دەرچوون فەرمووی باشە دەچینە دەرێ.

جەنابی پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم چووە ژورێ ماڵی خۆی جلکی حەربی خۆی لەبەرکرد، لەو بەینەی ئەو صەحابە قەدیمانەی کە مەوجود بوون بە تەنبیهـ بە صەحابە تازەکانیان گۆ: ئەوە ئەنگۆ چتان کرد ئەدی نازانن ئەوە وەحییە،! ئەدی نازانن ئەوە پێغەمبەرە! ئەدی نازانن ئەو ئەصەح و چاکتر دەزانی لۆ تەدەخول دەکەن، لۆ رەئیتان فەرز دەکەن لەسەری، کە گەنجەکان زانیان فیعلەن خەطەئیان کردیە غەڵەتیان کردیە پەشیمان بوون، ئەمما پاشی چ پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم وەکی هاتە دەرێ زرێ و شیر و کەوانی خۆی ئەوانەی هەموو هەرگرتییە، فەرموویان یا رسول الله پەشیمان بووینە ئەمری کرد مەجالی گەڕانەوەی نییە، هەر پێغەمبەرەك نییەتی حەربی هینا وە جلکی حەربیشی لەبەر کرد ئەوە ئیعلانی حەربە دەبی بچتە ناو حەربەکەی خودا ئەووەختی حوکم دەکا یان بەسەر دەکەوی یان شەهید دەبی، ئیدی مەجالی موناقەشەی نەما تازە.

فیعلەن دەرچوون، دەرچوون گەیشتنە مەنطیقەی ئوحود چەندە عەدەدیان؟ 1000 هەزار نەفەر، ئەمما کە دەرچوون عبدالله بن ئوبەی بن سەلول کە رەئسی مونافیقینە بەحسمان کردیە سابیق ئائەو رەئی لەگەر وەی بوو لەناو مەدینەی بمینێن، کە گۆتی مادام بە رەئی من ناکەن ئەمن نایەم، ئەمن نایەم جەماعەتی من ئەنگۆش لەگەرم مەچوون، 300 سێ سەد صەحابەی قەطع کرد، ئیذەن ئەوەی ماوە 600 شەش سەد و قسور صەحابە ماوە، گێی لێنیە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم چونکی قەضییەکە لەبۆ خوایە، ئەها لە غەزوەی بەدر چار طاقە تەدەخولی کرد، ئەها بەحسی ئەوەی طاقەی بەشەری (إن یکن منکم عشرون صابرون یغلبوا مئتین) (الأنفال 65) یەك بە دە، یەعنی صەحابە بە جسمی خۆی بە قووەتی خۆی طەبعەن خوا ئەو قووەتەی دابوێ کە دەستی بوەشاندبا بەقەد دە موقابیل دەستی دەوەشاند، یەعنی هەر صەحابەك قووەتی بەدەنی صەحابەی بەقەد دە موشریك بوو، بەرامبەر دە موشریك وەکو عیکریمەی ضەخم، عەینی وەقت دوو وەجبە مەلائیکەت ئیمداد هاتن، حەتمەن پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم بەو قەناعەتەی کە ئەو حالەتە دروست دەبی، لۆ؟ چونکی خۆی و صەحابەکان لەو مستەوایەینە، باری تەعالا تەدەخول بکا لەبۆ نەصریان، خۆی وە صەحابەکانیش وەکو بەدرن لە موستەوای ئیمانی بەدرن، لەو پێنج نوقاطەی کە بەحسمان کرد لەو موستەوایەن، ئیذەن باری تەعالاش حەتمەن تەدەخول دەکا لەبۆ نەصریان، لۆیە بەڕێ کەت.

که چوو خەریطەیان دانا عەسکەریین موستەشارینی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم عەسکەری هەموو تەوجیهـ و ئەوەیانکرد، یەك لەو قەناعەتانەی که ئیجماعی لەسەر هەبوو پەنجا صەحابی بچتە سەر چیای ئوحود بە قیادەی عبدالله بن جوبەیر، ئەو پەنجا صەحابییە ئیشیان ئەوەندەیە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبۆیان تەحدید دەکا(« احمواظهورنا) پشتمان حمایە بکەن، (فإننا نخاف أن یجیئوا من ورائنا)، ئائەو کەلیماتەی پێغەمبەر هەمووی تیکرارە کافی بوو ئەوەندە برێ پشتمان بگرن، پشتمان چۆل مەکەن ئەها (أحموا لنا ظهورنا)، ئەوە یەك (فإننا نخاف أن یجیئوا من ورائنا)، هەر کافییە (أحموا لنا ظهورنا)، ئەوە هەمووی تەسمیعی صەحابییە تەئکیدە لەبۆی، تەئصیلە لەبۆی، (والزموا مکانکم) نەفسی ئەمرە نەفسی شتە نەفسی مەقصودە، دیسان:(لا تبرحوا منه) هەمووی تیکرارە، حەتتا (وإن رأیتمونا نقتل) ئەگەر دیتتان ئەمە کوژراشین، (فلا تعینونا و لا تدفعوا عنا) ئەوە نۆ تەئکید، (وان ما علیکم) هەر ئەوەندە واجبیانە واجبی فیعلی، (أن تنشقوا خیلهم بالنبل) بە تیر (فإن الخیل لا تقدم علی النبل) ئائەوە سەبەبەکەش دەدا حەیوان ناتانی نزیك ببی لەبۆ تیر دەترسێ و دەکشێتەوە، ئەوە هەمووی ئەو هەموو تەئکیدانە لەبۆ ئەو مەجموعە صەحابییەی کە دەچتە سەر ئوحود ئەو واجبە ئەدا بکا.

پاشان صەحابەکانیتکەشی هەموو ڕێز کرد، تەصفیتی کرد ئەوەی بەقووەتە بەپێشی هێخست، کەلیمەی سر نەشر کرا لەناویان، مەثلەن صەحابی دەگاتە صەحابی موحتەمەلە لەبەر قووەتی شەڕ و لەبەر تۆز و موحتەمەلە ڕۆژ بە قووەت بی لە چاویان بدا، زۆر ئەسبابیتکە تەلاحومە قورەیشیش هاتییە لەبۆ وەرگرتنی خین، یەعنی بە حونف هاتییە ئەو جارە نەك دیفاعە، هاتیە لەبۆ شەڕ یەعنی نەگەڕێتەوە هەتتا تۆڵەی خۆی نەکا، ئائەو هەموو قووەتانە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دیراسەی کردیە، لۆیە لەو غەزوەیەی کەلیمەی سڕ نەشر کرا ئەویش ئەمیت ئەمیت، یەعنی صەحابی کە گەیشتنە یەکتری ئەو دوو کەلیمەیان گێراوە لەبۆ یەکتری یەعنی ئەو دووە صەحابینە، ئیذەن تۆز و غوبار و تەئسیراتی حەرب و مەعرەکە ساحەی مەعرەکە تەئسیریان لێناکا، پاشان هەموو ئەوانەی لە تیرکەوان هاویشتن زاناو زیرەکن هەمووی بە پێش هێخستن، دوایە پاشان فەرمووی کەس شەڕ ناکا هەتا ئەمن ئەمر نەکەم، ئەوجە پاشان بەبیری هینانەوە ئاگاتان لێبی باري تەعالا لەسەر ساحە موهەیمنە وە ئەوەش هەموو لەبۆ خوایە زیکری خوای بە حال و واقیع زۆر بکەن، لەوە نەصر ئەوە دەدا.

شەڕ دەستیپێکرد طەبعەن هەر لە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قورەیش لە غەزوەی یەکەم دەرسی وەرگرتییە جەیشیان کرد بەدوو تەقسیم، مەیمەنەو مەیسەرە لای ڕاست و لای چەپ، لای ڕاست

عیكریمە كوڕی ئەبوجەهل وە لای چەپ خالد بن وەلید، دوو عەمالیقەی حەرب هۆردووك طاقەی وەزیرەكیان هەیە، ئەو تەوزیعە كرایە هەریەكە جێی خۆی دەزانی بەو قووەتەی قوڕەیش هاتتە شەڕ بەو نییەتەی قوڕەیش هاتتە شەڕ، لۆیە هەر لە بیدایەت كە دەستی پێكرد خەت مائیلەك هەبوو هەر لە بیدایەتی تەشكیلی دەولەی ئیسلامی لە مەدینە نەقل بوو لەبۆ مەككە، ناوی أبي عامر الراهب بوو پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم ناوی لێنابوو أبي عامر الفاسق، ئەوە عیلاقەی لەبنەوە لەگەر مەدینەییان هەبوو، خۆی ئەوسی بوو لە قەبیلەی ئەوس بوو بەعەزەك نەفەر هەبوون لەو ئەوسییانە لە زاهیر موسڵمان بوون لەبنەوەش كافر بوون مونافیق بوون لەگەر وانە عیلاقەی هەبوو، هەر ئەو قەناعەتی ئەوهای دروستكردبوو لەبۆ ئەبوسفیان و قوڕەیش ئەگەر بێتە ناو ساحەی مەعرەكە بەس هاوارەك بكا ئەوسیەكان هەموو واز دینن و هەموو دێن دەبنە تابعی وی، ئەمما لەبەر ئەوەی ئەوسی و هەموو صەحابە پێغەمبەر صلی الله علیە وسلم شتەكیتكەی لەناو قەلبیان دانایە، ئەو ئەوسییانەی ئەوڕۆ لە ساحەی مەعرەكە ئەو ئەوسییانە نیە وەختی خۆی ئەبو عامری فاسق ناسیتی و خزم و كەسایەتیانی لەگەر بووە، ئینسانیتكەنە بەس شكل و چاوو دەستیان هەر نەفسی ئینسان ناوەكەیان مایە، ئەمما لە داخل گۆڕاینە بووینە ئینسانی خوایی، لۆیە قەرابەو حەتتا دونیا لەپێش چاویان نەمایە، بیدایەتی مەعرەكە ئەو هاتە پێش دەستی كرد بە هاوار و غلبە غلب و ئیعلان و دیعایە لەبۆ خۆی ئەمما ئەوسیەكان كەس گێیان نەدایێ و جونیان پێدا بە ذەلیلی گەڕاوە پشت.

مەجموعەك لە قوڕەیشییە ئەوەی زۆر مەغرور بوو هاتە پێش موقابل علي كوڕی ئەبوطالب و هەمزە چوون ئەوانیشیان هەموو نارده جەهەننەم، ئەوجە پاشان هەموو ژنەكان عەدەدەكی زۆر ژن لەگەریان بوو دەستیان كرد بە هاواركردن دەستیان كرد بەنەعلە لێدان لۆ ئەوەی ئیثارەی پیاوەكان بكەن، فیعلەن قوڕەیشیەكان هاتنە پێش ئەوجارە بە قووەتی خۆیان ئەمما صەحابەكان جێی خۆیان تەزەحزوح نەكردیە ثەباتیان وە ذیكریان ذیكری باری تەعالا وجودی باری تەعالا عەین و سەمعی باری تەعالا رەقابەی باری تەعالا مەوجودە، بەو حالەتەی مەربوطن، لۆیە جەولەی یەكەم جەولەی دووەم جەولەی سێیەم قوڕەیش شكا، طەبعەن تەفصیلاتی زۆری تێدایە قوڕەیش شكا هەرات، هەتتا صەنەمەكیان لەگە خۆیان هینابوو خوای خۆیان لەسەر حوشترەكیان دانابوو صەنەمەكەش كەت كەس نەبوو هەریبگری و لە باوەشی بكا، عەلەمیان كەت ژنەك هات هەریگرت نۆ نەفەر چووە سەر عەلەمەكەی عەلەم ڕایە هەر نۆیان كوشت، صەحابە هەر نۆیان كوشت هەر نۆشیان لە بەنی عبد الدار بوون، المهم ئەخیر نەفەر ژنەك مەجبور چوو عەلەمەكەی هەرگرت.

که ئەوان ڕۆیشتن ئینسیحابیان کرد هەراتن قوڕەیش ئائەو صەحابانەی لەوێ مەوجودە مەجموعەك خاصەتەن لەوانەی کە تازە بووینە موسڵمان عیلمیان وە دینیان لەو سەباتە و تەئکیدەی نییە دەستیان کرد بە جەمعی غەنائیم، نەفسی فیئە لەو گەنجەی مەجموعەك لەوان مەوجود بوو لەسەر چیایەکەی کە دیتی ئەو صەحابانەی خوارێ ئەوها دەکەن ئەوانیش هاتنە خوارێ، قائیدیان سێ جار چار جار تیکراری کرد بابە بەجێمەهێلن پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بە نۆ تەئکید بەنگۆی گۆتییە، یەعنی فەرموویتی ئەگەر کوژراین حەیوان طەیرتان دیت هاتن لەسەرمان گۆشتی مەیان لێکردەوە ئەنگۆ مەیێنە خوارێ ئەوە ئەمری خواییە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەمریان پێدەکا، ئەمما نەء تەطبیقیان نەکرد هاتنە خوارێ.

طەبعەن خالد وەزیری حەربە موخەطیط ئەوە خۆی و مەفرەزەی خۆی مایە کە دیتی ئەوان هاتنە خوارێ یەکسەر لە پشتی ئوحد لۆفەی کرد چووە سەرێ، هەرچی لەوێ هەبوو تەصفییەی کرد، ئەوجە پاشان هاتە خوارێ هاواریشی کرد بە قوڕەیشیەکان بابە بگەڕێنەوە جارێ ئەمە فەشەلمان نەهینایە، صەحابە هەموو کەتنە ناو حەلەقەی ناو کوفر، ئەوجە لە هۆردوو لایان بە هۆردوو طەرەف سەبر سەبر حەلەقەکەیان ضەخت لێکرد ئائەو مەجموعە صەحابییەی کە مابوو نەکوژرابوو شەهید نەببوو هەر ئەوەندە تانیان سەبر سەبر پشتیان بدەنە یەکتری تەقەلوصی عەدەدی خۆیان بکەن، ئەمما ئەوەی دێ هەمووی بە حەربە هاتییە مودەرەعە صەحابی بەس دیفاع لەخۆی دەکا ئەو لەسەری موسەیطرە، ئەو لەسەر سوارە لەسەر حەیوانە ئەوە لەسەر عاردییە مەشغولی جەمعی غەنائیم بوو، صەحابەکان کە حالەتەکەیان دیت.

یەك لە موجرمین ئەویش موخەطەطە بوو هاواری کرد قتلنا محمد، کە ئەوە ئیعلان کرا سێ بەشی ئەو صەحابەی کە مایە شیریان دانا، مادام پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەوت بوو شەهید بوو تازە نیهایەتی هات، تازە کأنە کەون نیهایەتی دێ وجود نیهایەتی دێ، چونکی ریسالە ئینتیهای پێهات، ئەها لەبیرتانە لە غەزوەی بەدر دەیفەرموو: (إنتهلك هذه العصابة من أهلا لإسلام لاتعبد في الأرض»(رواه البخاري)، ئەوانیش ئائەوەیان گێلێبووە کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەوتی کرد، ئیدی وجودی سەبەبییەتی یان عیلیەتی وجود نامینێ، قەوانینی کەون هەمووی ڕادەوەستی شیریان دانا، مەجموعەکی زۆر ئەوەی ماوە لەخزمەت پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم صەحابییەك بوو ئافرەت أم عمارة، ئەویش سیقایەو ئاوی دەگێڕا لەسەر جەرحا و بریندارەکانی صەحابی، کە دیتی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بەتەنێ مایە مەجبور ئەو شیرەکی ئائەو لە عاردی کەتبی ئەوی هەرگرت و دەستیکرد بە حیمایە کردنی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، هەتتا وەیلێهات سێ موشریك

نزیکی پێغەمبەر بوون هەر سێکی زەفەریان بە پێغەمبەردا ئەزیەتیان لە پێغەمبەریاندا، یەکەکیان نیوچەوانی موبارەکی شکاند، یەکەکیان دوو ددانی شکاند، یەکەکیان شیرەکی لە پێغەمبەریدا صلی الله علیه وسلم پێغەمبەر کراوی موبارەکی لەسەری ئەوەی زرێیە چووە ناو ڕومەتی موبارەکی بریندارێکرد، ئەوە هەمووی سەبەبی صەحابەیە.

هەتتا أبي العامر الفاسق کأنە زانیتی مەعرەکەکە لەو جێیەی دەبی تەخطیطەکە ئەوهایە، شتەك هەبووە پێشی ئەوەی موشریکین بێنە ئەو جێیەی بەعزە قۆرتەکی لێدابوو، پێغەمبەر صلی الله علیه سلم کەتە ناو قۆرتەك لەو قۆرتانە، صەحابی برندیان کرد ئیمامی عەلی و ئەوانە برندیان کرد، حەنضەلە و ئەبو دوجانە و ئەوانە هەرسێ نەفەر ئەو سێ نەفەرە مابوون صەحابی دی نەمابوو لە دەوری پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم، ئەوانە پشتی خۆیان کردە قەڵغان لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم بەو نەوعەی سەبر سەبر پێغەمبەر کە قیادەی عەسکەرییە ئینسیحابی کرد لەبۆ نزیك ئوحود، کە ئینسیحابی کرد صەحابەك لە دوور کە پێغەمبەری دیت هاواری کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم مەوجودە و حەییە (أبشروا)، بەو هاوارەی ئەوەی کە شیرەکەی دانابوو هەموو شیرەکانیان هەرگرتەوە سەبر سەبر لەبۆ موغناطیسیەتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە مەصدەری ئیمانە، کە ئەو ئینسیحاب دەکا لەبۆ ئوحود ئەوانیش سەبر سەبر لەبۆ ئوحود روویان لە کوفرە پشتیان لە ئوحودە بەو نەوعەی تەجمیع بوون، ما تەبەقا چوونە سەر ئوحد خالد هێشتا وازی نەهینایە دیسان خۆی و مەفرەزەی خۆی نزیك بوو، ئەمما پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی بە فلان صەحابی ئەتوو ئەوها بکە فلانیتکە ئەتوو ئەوها بکە، کە فیعلەن ئەمری پێغەمبەریان بەجێهینا صلی الله علیه وسلم تانیان شەڕی خالد لەخۆیان بەدوور بێخن، بەو نەوعەی تەقریبەن ئینتیهای مەعرەکەی دێ غەزوەی ئوحد.

دێین بزانین باری تەعالا لە سورەتی ال عمران کو ئەو ئەحداثانە وەکو فلیمی سینەمائی لەبۆمان تەصویر دەکا، نەفسی ئەو تەسەلسولە و ئەسبابەکانی کە لە بیدایەتی دەرس و پێنج نوقتەکەی سەبەبی نەصر وە سێ نوقطەی سەبەبی فەشەل کو زیکر دەکا باری تەعالا، بسم الله الرحمن الرحیم: (وأطیعواالله والرسول لعلکم ترحمون، وسارعوا إلی مفرةمن ر بکم و جنةعرضهاالسماوات و الأرض أ عدت للمتقین، الذین ینفقون في السراء والضراء والکاظمین الغیظ والعافین عن الناس والله یحب المحسنین) (آل عمران 134)، خەت لەبن کەلیمەی محسنین خەت لەبن کەلیمەی موتەقین، (الذین ینفقون في ا لسراءوالضراء) (أي یجاهدون بأموالهم وأنفسهم)، (والذین إذافعلوا فاحشة أوظلموا أنفسهم ذکرواالله فاستغفروا لذ نوبهم ومن یغفرالذنوب إلاالله ولم یصروا) (آل عمران 135)

تیکرار و ئیعاده، (ولم یصرواعلی مافعلوا وهم یعلمون)، خەتەك لەبن (یعلمون)، (أولئك جزآؤهم مغفرةمن ربهم وجنات تجري من تحتهاالأنهارخالدين فيها ونعم أجرالعاملين) (آلعمران 136) خەتەك لەبنەویش، دێتە سەر قانون ئەو قانونە کەونییەی کە ڕەبت دەکا بە محمد صلی الله علیه وسلم، ڕەبت دەکا بەو قورئانەی (قدخلت من قبلكم سنن) (آل عمران 137)، سنن یەعنی قەوانین، قەوانین هاتبوو لەبۆ، ئومەم (قدخلت من قبلكم سنن فسيروافي الأرض) بڕۆن موتابەعەی ئەو قانونانە بکەن (فانظرواکیف كان عاقبةالمكذبين) (آلعمران 137)، بەینی دوو قەوس ئەوە لەبۆ مەیە (هذا بيان للناس) (آل عمران 138) نالێ للمؤمنين، (هذابيان للناس) ئەوە قاعیدەیە لەبۆ هەموو ئینسان چونکی قانوونی موغناطیسی لەگە ئەو قانوونەی فەرقی نییە، ئیننەما ئەوە مفتاحە لەبۆ وی، ئیذەن ئەوە مفتاحە لەبۆ نەصریش ئەوە مفتاحە لەبۆ ئینسان، (هذابيان للناس)، ئەمما (وهدوموعظةللمتقين)، ئەوە بە نسبەت مەو صەحابەیە، خەتەك متقین دیسان.

پاشان: (ولاتهنواولاتحزنواوأنتم الأعلون إن كنتم مؤمنين، إن يسسكم قرح)، ئەزیەتەك (فقد مس القوم قرح مثله) موشریکین، (وتلك الأيام نداولهابين الناس وليعلم الله الذين آمنوا) (آل عمران 140) (أن يعلم الله الذين آمنوا) با خۆیان بەخۆیان بزانن، (ويتخذ منكم شهداء والله لايحب الظالمين) (آل عمران 140)، (والله لايحب).

خەتەك لەبنە ویش (وليمحص الله الذين آمنوا ويمحق الكافرين) (آلعمران 141)، (أمحسبتم أنتدخلواالجنةولمايعلم الله الذين جاهدوامنكم ويعلم الصابرين) (آلعمران 142) خەتەك لەبن کەلیمەی صابرین، ئەها: (جاهدوا منكم) (الذين آمنوا و هاجرواوجاهد وا ويعلم الصابرين) (ولقد كنتم تمنون الموت من قبل أن تلقوه فقد رأيتموه وأنتمتنظرون) (آلعمران 143)، چونکی زۆر جار دەیانگۆ کا شەهادەت بابچینە شەهادەت ئا ئێستا ئەوە مەوجودە، (ومامحمد إلارسول قد خلت من قبله الرسل أفإين مات أوقتل انقلبتم على أعقابكم ومن ينقلب على عقبيه فلن يضرالله شيئا وسيجزي الله الشاكرين) (آلعمران 144)، خەتەك لەبن شاکرین دیسان تەعدیلی فیکریان دەکا تەعدیلی مێشکیان دەکا: (وماكان لفس أن تموت إلاباذن الله كتابامؤجلاومن يردثواب الدنيا نؤته منهاومن يردثوابالآخرةنؤته منهاوسنجزي الشاكرين) (آلعمران 145) ئەوە ئیعادەیە دیسان لەبۆ کەلیمەی شاکری، (وكأين) یامە، (وكأين من نبی قاتل معه) کێ؟ (ربيون كثير) (آل عمران 146) أو (ربانيون)، وەکو صەحابە، کو بوون؟ (الذين آمنوا) أي نوع من الايمان؟ ئائەو نەوعەی کە محمد صلی الله علیه وسلم دایتی بە ئەبوبەکر وە بە صەحابەی دی، (وكأي من نبين) یامە زۆر، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێغەمبەرەکان صەلاتی خوایان لەسەربی شەڕیان کردیە (قاتل معه) کێ؟ ربيون صیفەیان ڕەببانی

بووینە یەعنی ئینسانەکان مەربوط نەبووینە بە حوکم، مەربوط نەبووینە بە دەولەت، ئەوجە لە واقیع کوو بووینە؟ ئەوە صیفەی ئیمانیان: (قاتل معه ربیون کثیر)، لە واقیع لە ئەثنای حەرب لە ئەثنای ئیحتیکاك (فماوهنوالماأصابهم في سبيل الله وماضعفواوماستكانوا)، پاشان: (والله يحب الصابرين) (آلعمران 146)، چەند جار تیکرار بۆوە ئەوە چارەمین جارە ئەها لە بیدایەتی دەرس ئەوە موئەیدات نینە ئەوە ئەصلە لە قضییە.

(وماكان قولهم إلا ان قالواربنااغفرلنا)، (آل عمران 147) لەگەر کێ قسان دەکەن؟ دەزانن وەکو صەحابە لەناو مەعرەکە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم چیان پێدەرێ، چ دەرێن ئەوان خۆیان؟ (ربنا اغفر لنا ربنا) (رينااغفرلنا ذنوبناوإسرافنا في أمرنا)، نەتیجەی چییە لە ساحەی مەعرەکە: (وثبت أقدامنا)، پاشان ئەو خۆی: (وانصرنا على القومالكافرين) (آلعمران 147) (فأتاهم الله) ثەمرە (فآتاهم الله ثواب الدنياوحسن ثوابالآخرة) دیسان: (والله يحب المحسنين) (آلعمران 148)، دەزانن ئەو موحسینە مەعنای چییە؟ لە یەك حەدیس پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لە 13 سێزدە جێ تیکرار کرایتەوە لە بوخاری و مسلم کە دەفەرمی: (ان تعبدالله كأنك تره) (رواهالبخاري) ئەو هەموو موحسنە مەخسەدی ئەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەعریفی دەکا: (ماالاحسان؟ أن تعبد الله كأنك تراه)، ئەها (والله يحب المحسنين) (آلعمران 148)، ئائەوەیە چەند جار ئیعادە کرایتەوە دیسان تەئکید: (ياأيهاالذين آمنوا إن تطعوا الذين كفروا يردوكم على أعقابكم فتنقلبواخاسرين) (آلعمران 149) (بل لله) (الله) چییە؟ (مولاكم) کەلیمەی مەعنای وەلی لە قورئان بە چار مەعنا هاتییە معین، نصیر، صاحب، صدیق، دیسان لێرە نصیرە: (بل الله مولاكم وهوخيرالناصرين) (آلعمران 150) نصر لەوە: (سنلقي في قلوب الذين كفرواالرعب) (آل عمران 151)، کێ هو سنلقي؟ الله، الله سيلقي في قلوب الذين كفروا الرعب في ساحة المعركة، سەبەب چییە؟ (بماأشركوابالله مالم ينزل به سلطانا) (آل عمران 151)، ئەوە لە دونیا وە نەتیجەو (ومأواهم الناروبئس مثوىالظالمين) (آلعمران 151)، ئەوە هەمووی موقەددیماتە باری تەعالا صەحابەی ئیعداد دەکا لەبۆ ئێستا ئەویش چییە؟ (ولقدصدقكم الله وعده إذتحسونهم بإذنه) (آل عمران 152) بە شیر سەریان پەل دەکەن، (حتى إذافشلتم) (آل عمران 152) خەت لەبنی، گۆتمان ئەوە نەتیجەیە سەبەبی نیهائی ئەو نەتیجەیەی: (تنازعتم) (و تنازعتم) لەچ؟ (فيالأمر)، لۆ؟ (وعصيتم) سەبەب؟ (منبعد مأراكم ماتحبون)، ئەویش لۆ؟ (منكم من يريد الد نياومنكم من يريدالآخرة).

پاشان خۆی تەدەخول دەکا دیسان بەینی کەوانەی کەلیمەی (تەدەخول) ثم هەرخۆی (ثم صرفكم عنهم ليبتليكم ولقدعفاعنكم) (ولقدعفاعنكم) خطأ هەیە، (والله ذوفضل على المؤمنين) (إذتصعدون)، هەردێن

بەجێیدێلن (ولاتلوون على أحد) ئاوریش نادەنەوە (والرسول يدعوكم) رسول صلى الله عليه وسلم هاواری دەکرد: (يدعوكم في أخراكم فأثابكم غما بغم (فأثابكم) کەلیمەی ناریٚ عاقبكم، (فأثابكم غمابغم غەمتان دایتیٚ غەمتان دەداتیٚ، قانونە: (لكي لاتحزنواعلى مافاتكم ولاماأصابكم والله خبير)، ئەها جیهازی باری تەعالی خۆی: (والله خبيربماتعملون) (آلعمران 153)، ئەوجە پاشان دیسان خۆی سەبر سەبر لە مەوزوعەکەی کەم دەکاتەوە لەسەریان: (ثم أنزل عليكم منبعدالغم أمنةنعاسايغشى طآئفةمنكم) (آل عمران 154) الى اخر الاية... باری تەعالا نەتیجەکە لەو سورەتەی لەبۆمان کەشف دەکا کە قانونی لە کەلیماتی شەرعی دەبی بێتە وجود بە فیعل صەحابە ئیجادی بکا لەخۆی وەکو قانونی موغناطیسی وە ئەگەر هاتو ئەمەش ئەگەر بمانەویٚ لە سیرە بگەین ئەویش هەر لە قورئان چونکی موسبەقەن موتەفقین قورئان معیارمانە لەبۆ سیرەی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم، قورئان دەکەینە بلاجکتۆر و میکرۆسکۆب لەبۆ ژیانی پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم.

ئیذەن عینوانی ئەوڕۆمان تەطبیقی قیتالی یان تەطبیقی قەوانینی قیتال کە لە قورئان لەبۆ پێغەمبەری صلى الله عليه وسلم کوو تەحویلی کردیە لەبۆ واقیع، وە ئیلتیزامی بەو قانونانە کردیە وە هەر ئەو نەوعە قانوونەش نەتیجەی دەبی، ئیلتیزام بە غەیری ئەو قانونەی نەتائیجی نییە، ئەگەر هەشبی نەتائیجی سلبیاتی زیاترە لە ئیجابیاتی، وە ئیلتیزامی ئەمەی شەبابی صەحوەش وەکو کوو مولتەزمین بە قانونی موغناطیسیەت ئەوها مولتەزیم دەبین بە صیغەی تەحویلی قورئان لە نەزەریاتەوە لەبۆ تەطبیق وەکو پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم، وەکو نەظرەی محمد صلى الله عليه وسلم، لە دەرسی پێشوو بەحسی ئەوەمان کرد یەك لەو قانونانە باری تەعالا لە هەموو قورئان کە بەحسی جیهاد و قیتالی هینابی کردبی فەرمووبی بە تەسەلسول فەرموویەتی یەکەمین مەرحەلە ئیمان هەموو ئایاتی قورئان بەو نەوعەیە: (الذين آمنوا) نوقطەی یەکەم، دووەم: (هاجروا) ئینجا سێیەم: (جاهدوا)، ئەویش تەقسیم دەبوو لەبۆ دوو فەرع ئەلف: (بأموالهم)، باء: (بأنفسهم)، هەموو ئایاتی قورئان کە بەحسی جیهاد دەکا بە أموال و بە نەفس دوو قاعیدەی بە پێش کەتییە، یەکەمین ئیمان هینان، پاشان هیجرەت کردن، ئەوجە جیهادەکە دێتە وجود دێتە جیٚ.

طەبعەن کەلیمەی ئیمانیش هەر لە قورئان باری تەعالا تەعریفی کردیە، نەك ئەو ئیمانەی ئەوڕۆ ئەمە لەسەرینە یان قەناعەتمان پێیە هی زۆریمان، ئیننەما ئەو ئیمانەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم پێی بوو وەکو دینەمۆیەك موضەخەك دەیدا تەحویلی دەکرد لەبۆ صەحابی، ئیمانەك وەکو ئیمانی ئەبوبەکر ئەو نەوعە ئیمانە قورئان تەئکید لەسەر ئەو نەوعە ئیمانە دەکا، طەبعەن مەفاهیمی ئەو نەوعە ئیمانە هەر لە قورئان مەذکورە باری تەعالا زۆر تیشکی هاوێشتتە سەر و باسی دەکا و،

هەر جارەکیش بە نەوعەك باسی دەکا لەبۆ هەموو لایەنی ئیمانەکەی موتەکامیل بی، (آمنواوهاجرواوجاهدوا بأموالهم وأنفسهم فی سبيل الله)، حەتتا گوتمان کەلیمەی: (في سبيل الله) (الأنفال 74) لە قورئان لە زۆر جێ بە باسی دینی ئیسلام نەهاتییە، لە زۆر جێ لە سەدا هەشتای ئەو جێیانە (لوجه الله) هاتییە، (في سبييل الله) یەعنی ئیسلام نییە.

طەبعەن تەعریفی کەلیمەی ئیسلامیش نەك بەس قورئان و سوننەیە، لێرە مەقصودمان ئەوڕۆ زیاتر لەو دەرسەی زیاتر تیشك هێخستنە سەر سەبەبی نەصر وە مەفهومی نەصر، وە نەصر کوو دێ؟ ئەویش کە جوزئەکە لە قانوونی خودای، وە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم تەحویلی کردیە لەبۆ واقیع وە بەو نەوعەش دەبی و بەس غەیری ئەو نەوعەی نابی ناکرێ، چەند جهودمان صەرف کردبی، جارێ کەلیمەی نەصر لە قورئان بە مەعنای کەلیمەی عەون هاتیە عەون نەك بەسەر هێخستن، چونکی فەرقی هەیە لەگەل کەلیمەی بەسەر هێخستن، غەلەبە لە دوو جێیان کەلیمەی غەلەبە هاتیە جودایە لەگەر مەفهومی کەلیمەی نەصر، کەلیمەی غەلەبە لە قورئان لەبۆ موشریکین هاتیە لە جاری یەکەم لەبۆ تەعدیلی بەعزە مەفهوم لە مێشکی صەحابە، یەعنی تەئصیل و تەئسیسی بەعزە شت بەعزە مانا لە مێشکی صەحابە.

ئەویش ئەگەر هاتوو عەدەد و عودەد مەوجود بی لە طەرەفەك لەو طەرەفانەی کە بەتامای شەڕن عەدەدیان زیاتر بی ئەسلیحەیان زیاتر بی، غەلەبەیان دەبی لەسەر طەرەفی موقابیل ئەویش وفقی قانوونەکی خاصصە، روم شەڕ دەکا لەگەل فورس غەلەبە لەبۆ فورس دەبی بە ئەسبابەکی موعەییەن، ئەمما بەو نەوعەی دەمینێ؟ نەء، فەترەکیتکە روم ئەو جارە غەلەبەت دەکاتە سەر فورس ئەوە جودایە لەگەل کەلیمەی نەصر، یەعنی هەیمەنەی باری تەعالا ئەلطافی باری تەعالا لەو مەوضوعەیدا مەحدودە وەکو مەفهومی کەلیمەی نەصر نییە، لە مەفهومی کەلیمەی نەصر لە قورئان باری تەعالا ذیکری ئەوەی دەکا کە خۆی موباشر لەنێو دوو کەوانە (تەدەخول) دەکا، خۆی بە موباشەرەت دێ میزان دەگۆڕی بەو نەوعەی خۆی دەیەوێ، ئەمما وفقی قانون قانون قەلب ناکا باری تەعالا ئەویش کەلیمەی نەصر ئەو وەقتە دێ کە فیئەی موئیمنین موقابیلی فیئەی کەفەرە بن لە ساحەی قیتال.

کەلیمەکیتکەش هەیە دیسان مورادیفاتی هەیە لە قورئان مەفهومی کەلیمەی فەتح، ئەوەش ذیکر کرایە ئەوە جودایە لەگەر هۆردوو مەعنا، دێین جارێ مەفهومی کەلیمەی نەصر وەردەگرین مەقصودمان لەو ئایەتە لەو حادیثەیە کە غەزوەی ئوحودە دەکەینە میعیار لەبۆ چۆنیەتی تەطبیق بوونی قانونی خوای لەسەر هەموو ئەحداسەکان، بەشەك لەوەی غەزوەی ئوحودە شەڕی ئوحد، طەبعەن لە 20

بیستی مانگی ڕەمەزان نازانم ئەوانەی کە مەوجود بوون باسی غەزوەی بەدرمانکرد، نەفسی ئەو قانون و سونەنەمان لەسەر وی تەطبیق کرد، ئێستا دیسان نەفسی ئەو قانون و سوننەیە لەسەر غەزوەی ئوحود تەطبیق دەکەین، ئەمما لە بیدایەت کە بەحسی نەصرمانکرد نەصر کو دێ؟ وە موسەببیاتی نەصر چییە؟ وە عەکسی وی کووە؟ وە دیسان سەبەبی چییە؟ دیسان هەر لە قورئان باری تەعالا لەبۆ ئیجادی حالی نەصر چەند ئوصولی دانایە چەند دیسان قانونی دانایە، ئەصلی مەوضوع زەمینە و ئەرضییە ئیمانە ئیمان هینان بە خوای، ئەها لۆیە حەتتا کەلیمەی جیهاد و قیتالیش کە دێ لە هەموو ئایاتی قورئان دەکا بە: (الذين أمنوا)، طەبعەن دیسان دەرێیینەوە ئەو ئیمانەی کە ئەبوبەکر و صەحابە بە باری تەعالا هەبوو، پاشان لە باری تەعالاوە ئیمانیان لە باری تەعالاوە عەکس دەبوو لەبۆ ذاتی پێغەمبەر و قورئان.

نەضرەیان لەبۆ قورئان غەیری ئەو نەضرەیەیە کە ئەورۆ هەیە ئەمە بە نسبەت قورئان، ئەو ئیمان هینانە ئیمانەکی فەعال ئیمانەکی حەي زیندوو، نەك ئیمانەکی نەضەری ئەوە نوقطەی یەکەمە، پاشان هەدەف لەو جەمعەی کە بەتەمای شەڕە نییەتی ئەو جەمعەی مەقصودی ئەو جەمعەی نەصردانی خوایە كلمة الله، كلمة الله بەسەر هێخستنی ئەو کەلیمەی، نەك حەتتا ئیسلامیش چونکی کەلیمەی ئیسلام شمولی حەتتا ئیجتیهاداتی بەشەریش دەکا، کە عیلمەن ئەو ئیجتیهادە نسبەکی تێدایە لە ئیحتیمالییەتی خەطەء، ئەمما كلمة الله یەعنی قورئان یەعنی رسول وە ئەوە وەکی ئەو دووەی بی، وەکی ئەو دووەی تەطبیق بکا، زۆر جار وەدەبی وە بووە لە تاریخ مەثەلەن شەڕ کرایە موسڵمان بە ناوی ئیسلام شەڕی کردیە لەگەل فیئەی موقابیل نەصریشی نەهینایە لێی بکۆڵییەوە تەمەشا دەکەی مەفهومەکە لەبۆ (الله)ی نەبووە بالذات، یان (الله) و شتێتکەی تێکەربووە، کە ئیجتیهادی ئینسانە، ئێذەن دەبی ئینسانەکە ذاتی (الله)ی لەناو قەلبی خۆی تەصفییە کردبی، عیلمەن مەفهومی کەلیمەی (تمكين) یان ئیقامەی (دولة الاسلام) یان (حكم الله) نەبووە لە مێشکیان، کەلیمەی (تمكين) یان (إقامة دولة الله) یان (إقامة دولة الاسلام) نەبووە لە مێشکیان، (إنما النصر لله)، (إن تنصرواالله ينصركم) (محمد 7)، نالێ (إن تنصر دين الله أو إن تنصروا الاسلام أو إن تنصروا المسلمين) (إن تنصرواالله ينصركم) ئەوە جوملە شەرطییەکە، جەوابەکەی (ينصركم ويثبت أقدامكم).

نوقطەی سێیەم: ئەوە طەبعەن لەناو صەحابەی ئیجاد کرایە ئەو حالەتە، ئیمان هینان بەو نەوعەی کە پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئیمانی هینایە وە لەبۆیانی نەقل کردیە، دووەمین: کەلیمەی نەصر کە باری تەعالا تەدەخول بکا بە عەونی خۆی لەبۆ خوایە، سێیەم: لەسەر ئەو حالەتەی صەبر گرتن صەبریش لە هەموو ئایاتی مەککی باری تەعالا تەئکیدی لەسەر دەکا، هەر جارەك وەکو شەش

پاڵۆیەك بینە پێش چاوی خۆتان نەوعەکی ئەو صەبرەی پیشان دەدا، لۆوەی فیعلەن موجەسەمەك دروست ببی لە شەش پاڵوویەکی تەواو لە صەبر کە وەلیدی ئیمانە، وەلیدی نەصری خوایە، نەصردان بە خودا لەناو قەلبی ئینسانی صەحابی ئائەو دینەمۆیەی کە بەحس دەکەین لەناو قەلبی ویش دروست ببی، لۆیە باری تەعالا لە زۆر جێ ئەو کەلیمەیەی تیکرار دەکاتەوە خاصەتەن لەو حالەتانەی کە ئیحتیکاك دروست دەبی سلبی لە بەینی موسڵمانان و غەیری موسڵمانان، دیارە ئەو صەبرە ئەصلەکە لە مەوزوع لەبۆ نیهایەت هینانی ئیجابی و چاکە، لەبۆ سەمەرە گرتن، لۆیە دەفەرمی: (یا أیها الذین آمنوا) (یا أیها الذین آمنوا) لەگەر ئەو مەجموعەیە قسەکە خیطابەکە ئەوەیە: (یاأیهاالذین آمنوااصبرواوصابرواورابطواواتقواالله)، (اصبرواوصابرواورابطواواتقواالله)، هەرچی نەتائیجی سلبی لە سووەری مەککی لە ئایاتی مەککی لە ئەثنای ئیحتیکاك لەگەر موجتەمەع، لەگەر فیئە، لەگەر ئینسان، حالەتەکی سلبی دروست ببی باری تەعالا بە صبر یان مەطلوبی صەبر یان بە کەلیمەی صبر نیهایەتی هینایە، (اصبرواوصابرواورابطواواتقواالله) (آل عمران 200)، یان مەفهومی کەلیمەی نەصر تیکرار کرایەوە ئەو سێیەم بوو.

چارەم: (ذکرالله) کە ئەو ئایەتەی تازە خیندم، (ذکر الله) نەك تەخطیط نەك مەقاصیدی دی، هەتتا ذیکری ئیسلامیش نییە، یەعنی ئائەو ئینسانە صەحابییە کە دروست کرایە بەو نەوعەی دروست کرایە هەمووی مەربوطە بە (الله) موباشەرەتەن نەك غێر موباشیر، ئیسلام حەتمەن رەبطی دەکا بە (الله)، ئەمما ذیکری ذاتی خوای نەصری ذاتی خوای ئیمان هینان بە ذاتی خوای بەو مەفهومەی کە مەوجودە کە ناصیرە بەو مەفاهیمانە، ئەوجە ئائەو ذیکر کردنە ئیعادە و تیکرارە تێیدا زۆر، لەو حالەتەی کە صەحابییەکە تێیدایە لە ئەسنای مواجەهە لەگەر کوفر یان لە حالاتیتکەش، عیلمەن لەو حالەتە زیاتر تەئکیدی لەسەر کرایە وەکو ئایەتەکەی خیندم: (یاأیهاالذین آمنوا إذالقیتم فئة فاثبتواواذکرواالله کثیرا) نالێ عەدەد ئەوەندە، (واذکرواالله کثیرا) (الأنفال 45) دائیمە لە ذیکر دابی، طەبعەن ئائەو مەفهومەی کەلیمەی زیکر نەك بەس تەردیدە ئەوەی ئەمە دەزانین (لا اله الا الله) گۆتنەکەیە نەء، ذیکر ئەنواعی هەیە، ذیکر تەنەوعی هەیە، یەك لەو ذیکرانە شعورە ئیحساسە بەبێ ئەوەی نە زمان نە قەلب تەحەروك بکا، ئیحساسە بە بەعزە حالات بە بەعزە ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالا ئیحساس کردنە ئیستیشعار کردنە، ئائەو (ذکرا کثیرا) مەقصەدی لە عەدەد نییە مەخسەدی لە حالە، یەعنی ئەو ئینسانە لەو حالەی ئیحساسەکەی تەقریبەن شبهـ دائیم بی کە مەربوطە بە باری تەعالا، کە دائیمە لەو حالەتەو حالاتی دی باری تەعالا دەبینی، ئەها باری تەعالا بەصیرە ئەها باری تەعالا رەقیبە سەمیعە، ئەوجە ناصیرە.

ئەوجە نوقطەی پێنجەم: لە یەك جێ لە هەموو قورئان لە یەك جێ دەفەرمی: (وأعدوالهم ماستطعتم من قوةومن رباط الخيل) (الأنفال 60)، لە یەك جێ ئەوەی دەفەرمی ئەو هەموو تیکراریاتانە لەبۆ مەعنەویات لە یەك جێ دەفەرمی مەحاوەلە بکەن ئەها وەسائیلی ماددی لەبۆ بەدەست هێنانی فەتح، ئەوە لە سەدا نەوەدی لەسەر وی تەئکید دەکرێ، لە سەدا دەیە ئەوە، ئەوە هەمووی تەرازوو بووە لە مێشکی پێغەمبەر و صەحابی بەو حالەتەی نەقل بووینە لەبۆ ساحەی مەعرەکە، بەو مەفاهیمانە بەو قەناعەتانە بەو دروست کردنانە ئیعداد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم نەقلی صەحابی کردیە لەبۆ مەعرەکە.

ئەسبابی فەشەل چییە لە شەڕ شەڕی ئیسلامی لە بەینی صەحابی و بەینی کوفر؟ نوقطەی یەکەم: تەنازوع و ئیختیلاف ناخۆشی بەینیان کە دریان لەگەر یەك صاف نەبووبی، ئیختیلافیان هەبوبی ناکۆکیان لە بەیندا هەبوبی ئەگەر لە دریش بووبی بەس، لە دریش دابووبی و بەس شەرت نییە هاتبتە سەر زمان، شەرت نییە هاتبتە سەر حال واقیع هەر لە دریشیاندا ئەو ئیختیلاف و تەنازوعە هەبووبی بوویتە سەبەبی قەهر بووە، سەبەبی مەذەلە بووە، (ياأيهاالذين آمنواإذالقيتم فئة فاثبتوا واذكروالله كثيرالعلكم تفلحون وأطيعواالله ورسوله ولاتنازعوا)، ئەگەر ئەوە بکرێ چ دەبی؟ (فتفشلواوتذ هب ريحكم واصبروا) (الأنفال 46) ئەوە سەبەبی تەنازوع، یەعنی ئەگەر هاتوو صەحابە ئیعدادیش کرابی بەو هەموو پێنج نوقطەیەی پێشترێ بەحسمانکرد ئەمما لە بەینی قەلبی خۆیان لە بەینی صەحابەکان شتەك هەبووبی بچنە ناو مەعرەکە فەشەل دەینن، لۆیە باری تەعالا تەحذیریان دەداتێ قانونی نەصر لێرە نایەتە جێی ئەگەر ئەو مەوزوعە مەوجود بی، ئەو حالەتە لە قەلبی صەحابی مەوجود بی بەرامبەر یەکتری.

نوقطەی دووەم: خۆشویستنی دونیا (حب الدنيا)، دیارە ئەوە لە بەینی قەوسەین لەناو صەحابەش مەوجود بووە، سەبەبەك بووە لەبۆ فەشەلیان، حەتتا ئیمامی عمر دەفەرمی: هەتا ئەو ئایەتە نەهاتە خوارێ نەمدەزانی لە ناوەمان چینی صەحابە هەیە دونیای خۆشدەوێ، دیارە شەیطان زیرەکە لەو مەنطەقە لەو مەبعەدە زیرەکە دەتانی شت لەبۆ ئینسان هەتتا صەحابیش بی دروستبکا، مەسەلەن پێی برێ ئەها بە واسطەی ئەو دونیایەی ئەتو خێر دەکەی چاکە دەکەی، یەعنی ئەگەر هاتوو دونیات کەتە بن دەستی مزگەفتان دەکەی مستەشفایاتان زۆر دەکەی جادان چا دەکەی ئیدی مەحاوەلە بکە زوو بگەیێ، حوکمەکەی بینە بن دەستی خۆت بەچ نەوعەکیش بی قەیدیناکا دیارە صەحابی ئائەوەی لە مێشکیدا هەبووە، چونکی حەتمەن صەحابی رەزای خوایان لێبی ئائەو ئینسانانە بووینە کە باری تەعالا بە واسطەی ئەو پێغەمبەرەی دروستیانی کردیە، بە ئیشرافی پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم

لە مەدرەسەی وی تەخەروجیان کردیە و دەرچووینە، حەتمەن مواصەفاتیان لە مواصەفاتی هەر چینەك و جیلەك برندتر بووە، لەگەر ئەوەش شەیطان لەو مەنحایەی تانیتی بچتە ناو قەلبیان و تەئسیریان لێبکا، ئەها لەو ئایەتەی دەفەرمی: (ولقد صد قكم الله وعده إذتحسونهم بإذنه) (آل عمران 152)، لە دەرسی پێشترێ کەلیمەی (اذن)مان خیند، (أذن للذ ين يقاتلون بأنهم ظلموا) (الحج 39)، لێرەش دەفەرمی: (إذتحسونهم بإذنه حتى إذافشلتم)، ئەغلەب جار ئوسلوبی قورئان نەتائیج تەقدیم دەکا پاشان ئەسباب عرض دەکا، نەتیجە چ بووە ئەو تەقدیم دەکا دەداتە دەستت.

ئەها وەکی دەتەوێ حەقایەتەکی بگێڕی مەسەلەن کابرا لە نیهایەت دەمری لە بیدایەتی قصە برێی مرد هەموو مونتەبهینەکان چاویان زەقدەبی، کێ مرد؟ کو مرد؟ لۆ مرد؟ باری تەعالا لێرە دەفەرمی: (حتى إذافشلتم)، بە صەحابە دەرێ صەحابە فەشەلیان هینایە، نەك بەمە، دەبی چ بووبی سەبەب چییە صەحابە فەشەلیان هینایە؟ (وتنازعتم) مەرحەلەی نیهائی سەبەبی فەشەلە، ئەها لە ئایەتی پێشترێ: (ولا تنازعوا فتفشلوا) لێرە: (حتى إ ذافشلتم)، ئەوە نەتیجەکەیە دێتە سەر ئەسبابی نیهائی ئەوجە سەبەر سەبر لۆ سەبەب دەچی لەبۆ گچکە دەچی: (تنازعتم في الامر)، لۆ؟ چونکی: (وعصيتم) عصیانتان کرد، لۆ؟ (من بعد ماأراكم ماتحبون)، لەبەر هەندێ: (مأراكم) چ؟ (ماتحبون)، هەر لەوەندەی ڕادەوەستی؟ نەء، دیسان قاعیدەك دادەنێ: (منكم) لەناو صەحابی: (من يريدالد نياومن كم من يريدالآخرة)، ئەوجە باری تەعالا لێرە دیسان بەینی دوو کەوانە (تەدەخول) دەکا، (ثم صرفكم عنهم ليبتليكم) (آلعمران 152)، پاشان بالنتيجة چونکی صەحابینە: (ولقدعفاعنكم)، لێتان خۆشبوو ئیذەن خەطەئەك هەیە لێرە ئەو عەفوە بەرامبەر خەطەئەکە.

ئائەو هەموو قەوانینانە دەینین ئێستا دەچینە ناو غەزوەی ئوحود، لۆ باری تەعالا لە غەزوەی ئوحود کە بەحسی صەحابەی دەکا بەو نەوعەی بەحسیان دەکا واقیعەن کو بووینە؟ ئایا فیعلەن ئەو شتانەیان تێدا مەوجود بووە یان نا؟ موقەدیمەکی بەسیط لەو غەزوەیەی غەزوەی بەدر وەکو بەحسمان کرد لەبیرتانە ئینتیهای پێهات بە نەصری موئمینین لەسەر موشریکین، پێغەمبەر و صەحابە گەڕانەوە مەدینە موشریکینیش گەڕانەوە مەککە، عەدەدی کوژراوەکانی موشریکین مەعروفە ئی صەحابەش مەعروفە، ئەمما نەتیجە چ بوو؟ لەوێ یەکسەر بەرلەمانی قورەیش ئیجتیماعی کرد مودارەسەی وەضع دەکا، ئەوەندە کوژرایان دایە ئەوە حالەی ئینسانی، ئەوانەی کە کوژراشن جوندی نینە بەس رەقەم بن لەسەر وەرەقە، نەء، هەموو عەمالیقە بووینە هەموو زوعەماو گەورە پیاوەکانی قوڕەیش بووینە، ئەوانە فەوتان بە هیلاك چوون، ئەوە ئاثاری سلبی وەی ئیجتیماعی لەسەر منداڵەکانیان لەسەر خێزانەکانیان، لەسەر کچەکانیان کە ئەغلەبی کچی ئەو صەنادید و عەمالیقانە ژنی زۆری

ئائەوانەی ماینە لە حەیات، یەکی وەکی ئەبوسفیان یەکی وەکی عیکرمە ئائەوانە هەموو خێزانی وانە کچی ئائەو صەنادیدانە بوون، ئەو ئەبطالانە بوون کە بە شیرك بە کوفر لە غەزوەی بەدر کوژران، طەبعەن ئەو ژنە تەئسیری حەتمەن هەیە ئیجتیماعی لەسەر مێردی، چەند تازیە و چەند گریان و یەعنی خێزانی ئەبوسفیانی تەئسیری موباشیری هەیە لەسەر ئەبوسفیان، ئیذەن زەمەن ئیعدادی شەڕەکەی لەبۆ نزیك دەکا ئەوە ئەسبابیتکەی ئیجتیماعی زۆری هەیە.

سەبەبی ئیقتیصادیی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دەولەتی تەشکیل کردیە دەولە حیمایەی هەیە، جەیشی هەیە، ئەو حیمایە و جەیشە دەتانی شت فەرز کا لەسەر موقابیل، ئەویش ڕێی بەینی مەککە مەربوط بوو بە شام، ئەگەر بیانویستبا لەبۆ عیراقیش بچن هەر دەبا بە ڕێی نزیك مەدینەدا بچن، لەمەو پاش ئیذەن قەوافیلی عیراق و شام تەحتە خطورەتە، کەینێ صەحابی و رسول الله صلى الله عليه وسلم ئەمری عەقلی بگری دەتانی سریەك بنێری هەرچی قافیلەیان هەیە هەمووی بگرن، ئەوە بە نسبەت قوڕەیش، پاشان یەهود بەرقیات دەنێری لەسەرەوە وەثیقەی عەقد کردیە لەگەر پێغەمبەر و موسڵمانان صەحابان لەبنەوەش دوژمنداری دەکا ئیثارە دەکا، چونکی دائیمە لەهەر جێیەکی سێ یەهود هەبووبی فیتنە هەبووە، لە هەموو زەمانەك لە هەر جێیەکی سێ یەهود هەبووبی فیتنە هەبووە، ئەگەر ئیعلامیان بووبی تانیتیان فتنە نەقلیش کەن لەبۆ مەناطقیتکەی جوغرافی جێیتکە لەخۆیان دوورتر، حەتمەن یەهود تەقاریر و بەرقیات دەنێری لەبۆ ئیثارەی قوڕەیش.

لە عەینی وەقت دینییەن حەربەکە دینی بوو قوڕەیش فەشەلی هینا دینییەن، یەعنی لەمەو پاش قەبائیلی عەرەب هەمووی بە چاوەکی کەم تەماشای دینی قوڕەیشیش دەکا، عیلمەن قوڕەیش زەعامەی دینیشی هەیە یەعنی دینییەن زەعیمە، یەعنی ئەبولەهەب یان ئەبوجەهل کە موشریك بوون ئەمما لە عەینی وەقتیش سادین و مجێوری ئائەو صەنەمەی بوون کە لەناو بەیت مەوجود بوو، ئەو صەنەمە عیلاقەی روحی هەبوو لەگەر تەبەعی خۆی لە بەنی توهامە مەثەلەن، لە قەبیلەك لەو قەبائیلانە، ئیذەن ئیرتیباطیان هەیە، ئەگەر هاتوو ئەبولەهەب و ئەبوجەهل فەشەلی هینا یەعنی ئائەو صەنەمە و ئەو مجێورەی ئەبولەهەبیش تێکدەچی.